ئاوا مەکەن، ئەگەر یەکێکتان لە ماڵەکەی نوێژی کرد پاشان گەیشتە ئیمام و(بینی) هێشتا نوێژی نەکردووە، با نوێژی لەگەڵدا ئەنجامبدات چونکە ئەم نوێژە بۆ ئەو سونەتە

لە جابری کوڕی یەزید کوڕی ئەسودەوە لە باوکیەوە دەڵێت: ئەو نوێژی لەگەڵ پێغەمبەری خودا کرد -صلى الله عليه وسلم- لەکاتێکدا کوڕە منداڵێکی گەنج -غوڵامێک- بوو، کاتێک نوێژی کرد؛ دوو پیاو نوێژیان نەکردبوو لە گۆشەیەکی مزگەوتدا، بانگیانی کرد وهێنران، دەلەرزانەوە (لە ترسا)، فەرمووی: «چی ڕێگر بوو لەوەی لەگەڵ ئێمە نوێژ بکەن؟»، ووتیان: لە ماڵەوە نوێژمان کرد، -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئاوا مەکەن، ئەگەر یەکێکتان لە ماڵەکەی نوێژی کرد پاشان گەیشتە ئیمام و(بینی) هێشتا نوێژی نەکردووە، با نوێژی لەگەڵدا ئەنجامبدات چونکە ئەم نوێژە بۆ ئەو سونەتە».

[صەحیحە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە - نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە - دارەمی گێڕاویەتیەوە]

یەزید کوڕی ئەسود دەیگێڕێتەوە کاتێک کوڕە منداڵێکی گەنج -غوڵامێک- بوو؛ نوێژی لەگەڵ پێغەمبەری خودا کرد -صلى الله عليه وسلم-، کاتێک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نوێژەکەی کرد؛ دوو پیاو بینی نوێژیان نەکردبوو لە گۆشەیەکی مزگەوتدا، فەرمانی کرد کە بانگ بکرێن بۆیە هێنران ودەلەرزان وتووشی شڵەژان هاتبوون (لە ترسدا)، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێیانی فەرموو: بۆچی نوێژتان نەکرد لەگەڵ ئێمەدا؟ ووتیان: لە ماڵەوە نوێژمان کرد، -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: جارێکی تر ئاوا مەکەن، ئەگەر یەکێکتان لە ماڵەوە نوێژی فەرزی کرد پاشان گەیشتە ئیمام وبینی هێشتا نوێژ دەکات؛ با نوێژی لەگەڵدا ئەنجامبدات چونکە ئەم نوێژە بۆ ئەو سونەتە وپاداشتی زیاتر دەبێت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/11289